Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10225

# بنەما سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەربەستەکانی

**تەلار احمد مصطفى، پەیمان عبدالقادر مجيد**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان عێراق

**پوختە:**

گەشەپێدان پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو بەرهەمی کارلێکی ئەو ڕەگەزانەیە کە پەیوەستە بە جوڵەی کۆمەڵگاوە کە ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری چەندێتی و چۆنێتی لە ژیانی خەڵک لە ماوەیەکی دیاریکراودا ،چەمکی گەشەپێدان لەوە فراوانتر بوو کە پێشتر بە تەنها جەختی لەسەر لایەنی ئابووری دەکردەوە بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتەشی گرتەوە ،هەر بۆیە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی مەبەستداری گرنگی کۆمەڵگایە کە لە میانەیەوە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابوورییەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان ڕوودەدات ، ئەویش بە پاڵپشتیکردن و بەشداریکردنی کارای خەڵك و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەبێت ، لە پێناو گەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە خۆشگوزەرانی و باشترکردنی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن ئاستی بژێوی ...هتد

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی بنەما سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کە ئەوانیش تایبەتمەندی و ئامانج وپرەنسیپ و ڕەگەزەکان و نمونەو بنەماکانی پلاندانانی گەشەثێدانی کۆمەڵایەتییە و ، هەروەها خستنەڕووی کۆمەڵێک بەربەستە کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. وە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا و باشتر کردنی ئاستی گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرەو باشتر، بەڵام لەهەمان کاتدا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بەربەستی زۆر هەن کە ڕێگرن لەبەردەم ڕوودانێدا .

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

*Keywords*

گەشەپێدان ،گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بنەماکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بەربەستەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

***Corresponding Author***

Talar.mustafa@univsul.edu.iq

Paiman.majid@univsul.edu.Iq

**پێشەکی:**

کۆمەڵگاکان پێویستیەکی زۆریان بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە بە مەبەستی گۆڕینی کۆمەڵگاو لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری وگواستنەوەی ووردە ووردە لە بارودۆخێکی خراپ و ناسەقامگیرەوە بۆ بارودۆخێکی چاکترو سەقامگیرتر، بەڵام ئەمەش لە ئەمڕۆدا هەروا ئاسان نییە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لە بارووردۆخی خراپدا دەژین و مەبەست لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵسانەوەی هەلومەرجی بژێوی دانیشتوانە وەکو مەسەلەی پەروەردەوە فێرکردن و تەندروستی و نەهێشتنی نەخوێندەواری وگرنگیدان بە ژن و کارکردن و پێکهاتن وئامادەکارییە پیشەییەکان دەگرێتەوە هەر بۆیە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە بەرنامەی تایبەت هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەربەست و کێشانەی کە ڕێگرن لەبەردەمیداو کە پێشتر دەبێت ستراتیژیەت و ئالیەتی گونجاو هەبێت بۆ دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگا .

توێژینەوەکە ثێکهاتووە لە پۆختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وپاشان چەمك و ثێناسەی گەشەپێدان و گەشەثێدانی کۆمەڵایەتی و ئەو چەمکانەی کە پەیوندیدارن بە گەشەپێدانی کۆمەڵاتیەتیەوە خراوەتە ڕوو پاشان باس لە پەرەپێدانی مێژووی گەشەپێدان و تایبەتمەندی و ئامانج و پرەنسیپ و ڕەگەزو سامپڵ و بنەماکانی پلاندانان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وهەروەها بەربەستەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خراوەتە ڕوو لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بۆکراوە لەگەڵ نووسینی لیستی سەرچاوەکاندا.

## بەشی یەکەم: تەوەرەکانی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم : جوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١- کێشەی توێژینەوەکە The problem of study

چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە ئێستادا بە گرنگترین بنەمای خۆشگوزەرانی و سەقامگیربوونی بارودۆخی کۆمەڵگاکان هەژمار دەکرێت نەبوونیشی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دواکەوتووی وپاشکۆبوون و وشکستهێنانی تەواوی پێشکەوتن و پەرەپێدانی کۆمەڵگاکان ،هەروەك لە چەمکی گەشەپێداندا هاتووە کە بریتیە لە پرۆسەی پلان بۆ دارێژراو کە ئامانجی باشترکردنی ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵگایە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی و ڕۆشنبیرییەوە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیە زەرووریەکانی وەك و بژێوی و خوێندن و تەندروستی و...هتد کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی بنەماکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و باسکردن و لێکدانەوەیان بە پشتبەستن بەو سەرچاوە زانستیانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون ،هەروەها خستنەڕووی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە وولاتە دوواکەوتووەکاندا .

### ٢- گرنگی توێژینەوەکە The importance of study

گرنگی توێژینەوەکەلەم خالانەدا دەردەکەوێت:

١- ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە دیاریکردنی چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە لایەنی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەدات.

٢ -گرنگی تێۆری هەیە بەو پێیەی توێژینەوەکە تێۆرییەو بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان کە قسە لەسەر ڕەگەزەکان و بنەماکان و ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئەو بەربەستانەی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات.

### ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە The Aims of study

١-زانینی بنەما سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .

٢- خستنەڕووی ئەو بەربەستانەی  کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە وولاتە دوواکەوتوەکاندا

### ٤- میتۆدی توێژینەوەکە Research Methodology

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی کتێبخانەیی (المنهج المکتبی) بەکارهاتووە بەو پێیەی توێژینەوەکە تێۆرییەو ،بۆیە ئەم میتۆدە بەکارهێنراوە چونکە میتۆدێکی زانستییەو بە پشتبەستن بەو سەرچاوە هەمەجۆرانەی کە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەدوێن توێژینەوەکە ئەنجامدەدرێت.

## باسی یەکەم: گەشەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، چەمك و بنەماکانی

### یەکەم: پێناسەی گەشەپێدان: :(Development)

ا- گەشەپێدان لە زمانەوانیدا بە مانای زیادبوونە لە چەندێتی و چۆنێتی و جۆرایەتی شتەکاندا (بکار عبدالکریم ١٩٩٩، ص٩)، عەرەب دەڵێت: ڕووەکە چەکەرەی کرد، منداڵەکە یان سامانەکە گەشەی کرد، واتە: زیادی کرد و زۆر بوو. (معجم الوسیط، ٢٠٠٤، ص٩٨٢).

ب- لە زاراوەدا: بە گشتی چەمکی گەشەپێدان لەسەر ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستەکانی تریشدا بەکار دێت، پێدەچێت یەکەم کەس ئەم زاراوەیەی بەکارهێنابێت **بوجین ستیلی**Boujin Stelli ـە بێت کاتێك لە ساڵی ١٨٨٩دا پێشنیاری پلانی گەشەپێدانی جیهانی کرد (بدران ، ٢٠١٤ ، ص٧).

چەندین پێناسەی جودا بۆ چەمکی گەشەپێدان کراوە بەم چەشنەی خوارەوە:

گەشەپێدان بەو پێیەی پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی شارستانێتیە، ئامانجی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆیە کە لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆژیا و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە باڵا بێت و، هەڵدەسێت بە خستنەکاری سەرجەم دەسکەوتە مادی و سروشتی و مرۆییەکانی کۆمەڵگە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا، بەتایبەت ئەو کەرت و دەستە کۆمەڵایەتییانەی کە ماوەیەکی زۆر هەلی گەشەکردن و پێشکەوتنیان لێ زەوتکراوە. (التابعی، ١٩٩٥، ص١٥).

کۆمەڵناسان وەهای دەبینن: گەشەپێدان بریتییە لە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بەمەبەست و پلان بۆدارێژراو، کە ئامانجی گۆڕانی ڕەفتار و کلتوورەکانە هەتا بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی دا برۆن  و زیاتر کرانەوە و نەرمونیانی بەخۆیانەوە ببینن و پتر بەرهەمدارتر بن (أبو نصر ومجد، ٢٠١٧، ص٦٦).

### پێناسەی ڕێکاریی گەشەپێدان:

بریتییە لەو گۆڕانکارییە خۆویست و بە مەبەستانەی ناو کۆمەڵگە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە، ڕوو دەدەن. بەمەش کۆمەڵگە لە هەلومەرجێکی نەشیاوەوە دەگۆڕێ بۆ هەلومەرجێکی شیاوتر لە میانەی قۆستنەوەی هەموو دەرامەت و وزەی بەکارهێنراو، ئەم گۆڕانکارییەش لەسەر بەشداریکردنی خودی تاکەکانی کۆمەڵگا وەستاوە.

### ناوەرۆکی  چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵاتیی (Social Development):

**هۆبهاوس** (Hobhouse) جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێشکەوتنی مرۆڤەکان لە ڕووی پەیوەندییە هاوبەشەکانییانەوە، ئەمەشی بە سازان و هاوکۆکبوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناوزەند کردووە. چونکە گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئەو؛ شتێکی وەها ناهێنێتە ئاراوە ئەگەر بێتو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونەدات. لەبەرئەمە دیدی دروستی ئەو بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە

گەشەپێدانی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان مرۆڤەکان.(شلبی، ١٩٩٩ ،ص١٤).

زانایانی کۆمەڵناسی بەم جۆرە پێناسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکەن بریتییە: لەو پرۆسەیەی کە بەگوێرەی مەبەست و سیاسەتێکی گشتییەوە هەوڵ دەدرێت بۆ هێنانە کایەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، بەجۆرێك کە دەستەبەری بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان و ژینگەکەیان بکات، ئیدی جیاوازی نیە لە کۆمەڵگا لۆکاڵییەکان بێت یاخود هەرێمییەکان یاخود نەتەوەییەکان، ئەمەش بە پشتبەستن بە هەوڵە رێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان دەبێت، بەو مەرجەی هەریەکەیان لە سەرەنجامی ئەو پرۆسانەوە بتوانێت توانایەکی زیاتر دەستبخات هەتا رووبەرووی کێشەکانی کۆمەڵگە ببێتەوە (عبدالكريم ، ٢٠١٢ ، ص٢٢-٢٤).

هەروەك دەکرێت پێناسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەم چەشنە بکەین کە بریتییە: لە خستنەگەڕی ئەو هەوڵ و کۆششەی بۆ هێنانەدی زنجیرەیەك گۆڕانکاریی وەزیفی و پەیکەربەندیی و گەشەکردنی کۆمەڵگە دەدرێت، ئەوەش بە زیادکردنی توانستی تاکەکانی دێتەدی، هەتا بتوانن ئەوپەڕی وزەی بەردەست بقۆزنەوە لە پێناو دەستخستنی زۆرترین ئازادی و خۆشگوزەرانیی بۆ ئەو تاکانە بە خێراییەك کە زیاتر بێت لە تێکرایی گەشەکردنە سروشتیەکە (الخواجه ،٢٠١٦، ص٢٤٨-٢٤٩).

وە چەمکی گەشەپێدان داهێنانێکی دەستەجەمعییە، وەك ئەوەی هەندێك لە زانایان جەختی لەسەر دەکەنەوە، لە نێوان ئەوانەشدا ئەم بیرۆکەیەیان بونیادناوە، **ساندرز**(Sanders) ی زانایە، کە وای دادەنێت گەشەپێدان مەسەلەیەکی داهێنراوە، بەو پێیەی بایەخ بە گەشەپێدان ماوەیەك دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەرکەوت و هاتە ئاراوە؛ بەڵام **ئەرنست وایت**(E-WITT) دژ بەم بیرۆکەیە وەستا و، هەڵوێستی بەرهەڵستکاری وەرگرت؛ چونکە وای دەبینێ؛ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەمکێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە بریتییە لە هەوڵی خستنە واقیع و پراکتیزەکردنی ئەم چەمکە لە چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفت کە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، پێوەی دەناڵێنن (رحيل ، ٢٠٠٢، ص٢٨٨).

لە لای **باتن** (BATTEN) یش هەمان شت بەدی دەکەین؛ چون ئەویش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە نوێگەریی خۆی لە خودی چەمکەکەدا مەڵاس نەداوە؛ بەڵکو لە زیاد گرنگیدان پێی و بەو دەستپێشخەرییەی کە پشتی پێ دەبەستێ و جەختی لەسەر دەکاتەوە، خۆی دەبینێتەوە. وێڕای دەرکەوتنی زاراوەگەلێك کە کۆنترن لە زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا (گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی)، وەك: پەروەردەی بنەڕەتی، ڕێنوێنی کشتوکاڵی، چاکسازی لادێ، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی کۆمەڵگە. وە لەگەڵ ئەمەشدا لای زۆرێک لە لێکۆڵەران ئەم زاراوەیەی کۆتایی واتە (ڕێکخستنی کۆمەڵگە) نزیکترە لە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، هەر بۆیە **(ساندرز)** پێیوایە: لە لێکۆڵینەوە ئەمریکییەکاندا؛ ئارەزوویەك هەیە بۆ گۆڕینی زاراوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بە زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا. (السعيد ، ٢٠٠٥، ص٤٣).

دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٥٥ یاندا، پێناسەی بەرنامەکانی گەشەپێدان دەکەن و دەڵێن: گەشەپێدانی کۆمەڵگا پرۆسەیەکی ڕەنگڕێژکراو و بەرنامەبۆدانراوە بۆ درووستکردن و ڕەخساندنی هەلومەرجی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرجەم کۆمەڵگا بە شێوەیەکی هەمەکی (الكلي)، هاوکات پشت دەبەستێت بە دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگای ناوخۆیی و بەشداریکردنەکانی بەشێوەیەکی ئەرێنیانە (الخشاب ، ١٩٧٥. ص٢٥٥).

گەر بە ڕوانینێکی وردی شیکاریانە بۆ پێناسە جیاوازەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بڕوانین، دەبینین سێ ئاڕاستە بوونیان هەیە، ئەوانیش:

1-. **ئاڕاستەی یەکەم**: خاوەن ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە؛ _ بە واتایەکی بەرتەسك _ زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هاوواتای زاراوەی چاودێری کۆمەڵایەتییە (الرعاية الاجتماعية) ، چاودێری کۆمەڵایەتیش بە چەمکە قەتیسبووەکەی تەنها لایەنێك لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەکات کە دەوڵەت پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات.

2-. **ئاڕاستەی دووەم**: خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەبڕن بەسەر ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی و نیشتەجێبوون و مەشقی پیشەیی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا پێشکەش دەکرێن.

3-**ئاڕاستەی سێیەم**: خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە وەهای دەبینن؛ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەگەلێکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ، کە دەبنە پاشکۆیەك بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی و وەزیفەکانی، ئەمەش بە مەبەستی تێرکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك. (حسن ، ٢٠٠٥، ص٩٦-٩٧-٩٩).

**ساندرز** گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە چەترێکی گەورە دەچوێنێت، کە هەموو تاکەکان لەسایەیدا کۆدەبنەوە، مانای ئەمەش ئەوەیە پرۆسەیەکەو پێویستی بە یەکخستنی هەوڵی پسپۆڕەکانە لە بوارە جیاجیاکاندا، سەرەڕای هەوڵەکانی ئەندامانی خودی کۆمەڵگەکە. (مجاهد ، ١٩٧٤، ص٢٩٢).

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەك چەمك، ئاماژە دەکات بۆ پرۆسەگەلێکی نەخشەدار و ئاڕاستەکراو کە لە میانەیەوە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەمەبەست و پەسەندکراو لە بونیاد و ئەرکەکانی کۆمەڵگەدا دەهێنێتە ئاراوە، هەروەها لە

هەڵوێستەکانی تاك و کۆمەڵەکان بەرامبەر خودی خۆیان و کۆمەڵگەشیان، دەکۆڵێتەوە. (سلیمان و هاشم، ١٩٧٣، ص٥٤),

ئەم بۆچوونەش هاوچەشنە لەگەڵ بۆچوونی (**ڕوب** roupp) کە پێی وایە: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گونجانێکە و، ئامانجی گۆڕینی بارودۆخەکانە، یاخود گونجانێکی بە ئامانجە هاوڕێ لەگەڵ بارودۆخەکان. کەواتە گەشەپێدان گوزارشتە لە گۆڕانێك لە هەڵوێستگەلێکی نەویستراوەوە بۆ هەڵوێستگەلێکی ویستراو، هەروەك بریتییە لە بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی مرۆیی بۆ بەخشینی گۆڕانکاریی بە ئاڕاستەیەکی لۆجیکییانە لە پێناو بەرجەستەکردنی ئامانجە داواکراوەکان، بەوەش گەشەپێدانی مرۆیی پەیوەستە بە ئامانجە مرۆییەکان لە توانەوەیدا لەگەڵ بەها مرۆییەکان و نزیکبوونەوەی لێیانەوە. (صباح ، ٢٠١٤، ص١١٣).

ڕێچکەی سەرمایەداریی سەبارەت بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تێڕوانینی جیاوازە لە ڕێچکەی ئیشتراکیی، چونکە سەرمایەدارییەکان وای دەبینن؛ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، ئەوەش لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و دانانی پلانی کۆمەڵایەتی کە سەرجەم دەستە حکومی و تایبەتییەکان هاوکارین بۆ جێبەجێکردنی.

هەرچی ئیشتراکییەکانیشە پێیان وایە؛ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری ئامانجدار کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەی کە کەمترین نەشونمایان کردووە، هەروەها دروستکردنی بونیادێکی کۆمەڵایەتی نوێ کە لە ڕێیەوە چەندین پەیوەندی و بەهای کۆمەڵایەتی نوێ دێنە بەرهەم. (السبعاوی، ٢٠٠٣، ص١١).

بە گوێرەی ئەو پێناسانەی پێشوو دەتوانین پێناسەی ڕێکاریی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بکەین:

بریتییە لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی لە بونیاد و وەزیفەکانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، ئەو گۆڕانانەش کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە لە پێناوی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان لایەنی مادی و لایەنی مرۆییدا بۆ باشترکردنی بارو گوزەرانیی خەڵکی بەرەو باشتر.

## -دیاریکردنی ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە:

**١-گەشەکردن Growth** بریتییە لە پرۆسەی زیادکردن بەشێوەیەکی جێگیر یان بەردەوام کە لە لایەنێکی دیارکراوی ژیان ڕوودەدات (مجد، ٢٠١٧، ص٦٠).

**٢-پێشکەوتن :Progress** بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر کە لە ڕیزی قۆناغەکانی پێشکەوتن هەتا دەگاتە گۆڕانی کلتووری کۆمەڵگە و بەها سەرەکییەکانی و دامەزراوە سیاسییەکانی، واتا گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنان بە واتای گواستنەوە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر، تا گوزارشت لە پێشکەوتن بکات (فیصل ، ١٩٩٣، ص١٦).

**٣-نوێبوونەوە :Modernisation ماریون لیفی** ئاماژە بۆ نوێبوونەوە دەکات بەوەی ئەو گۆڕانە پلەبەندییەیە کە بەسەر دامەزراوە مادیی و نامادییەکانی کۆمەڵگە دێت، بەڕادەیەك وای لێدەکات شیاوتر بێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا کە ئامانج لێیان تێرکردنی پێداویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانە (الحسن ، ١٩٩٩، ص١٥١).

**٤-پەرەسەندن :Evolution** بریتییە لە بەدوایەکداهاتنی ڕووداوگەلێکی دیاریکراو لە یەکێك لە کۆمەڵگەکاندا بەجۆرێك کە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ڕەگەزی "کات"ەوە، ئەم ڕووداوانە بەشێوەیەکی ئەرێنی بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر دەڕۆن یان بەدوایەکداهاتنیان بەجۆرێکی نەرێنی دەبێت. بۆیە هەڵوێستەکە بە پێ پەرەسەندن بەرەو بارێکی خراپتر دادەڕمێت Planned Evolution لە کاتێکدا مەبەست لێی ئەوەبوو کە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجگەلێکی ئەرێنی، ئاڕاستەبکرێت (لبنی ، ٢٠١٠، ص٤٩-٥٠).

**٥-گۆڕانی کۆمەڵایەتی :Social Change ڕوجێرز** Rogers پێی وایە: گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەی کە لە میانەیەوە بونیاد و ئەرکی نەسەق کۆمەڵایەتی هەموار دەکرێنەوە، ئەو بونیادەش لە چەند پێگەیەکی جیاواز پێکدێت لەسەر ئەو تاك و کۆمەڵانەی بونیادەکە پێکدەهێنن، هەرچی ڕەگەزی وەزیفیی بونیادەکەیە؛ ئەوا بریتییە لەو ڕۆڵە یان ئەو ڕەفتارە کردەییەی کە تاك لە پێگەیەکی دیاریکراودا دەینوێنێت . (الصالح ، ٢٠٠٢، ص٥١).

**٦-دواکەوتوویی :Underdevelopment** بریتییە لە هەرەسهێنان یان کەمتەرخەمی لە بونیادنانی شێوازگەلێکی نوێ لە بیر و ڕەفتار، کە دەشێت کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی چاکتر ببات، هەروەها بە واتای کەمتەرخەمی دێت لە توانستە مادی و مەعنەوی و سیاسییەکاندا (یان سەرمایەی مادی و مرۆیی) کە دەبێتە هۆی نەبوونی توانای دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان (عمر ، ٢٠٠٥، ص٢٢٣).

**٧-گەشەپێدانی ناوخۆیی (لۆکاڵ) : ئەرسەر دونهام** Arthur (Dunhamلە پێناسەی ئەم جۆرەدا دەڵێت: چالاکییەکی تۆکمەیە و ئامانجی چاککردن و باشکردنی باری بژێوی کۆمەڵگەیە، سەرباری ئەمەش کار دەکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی خۆی تا بتوانێت تەواوکاریی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی خودیی بۆ کاروبارەکانی دەستەبەر بکات، شێوازی

کارکردنیشی بەندە لەسەر بنەمای پڕکردنەوە و ڕێکخستنی چالاکی هاریکاریی و هاوکارییە خودییەکانی هاوڵاتیان، شانبەشانی هاوکارییە هونەرییەکان لەلایەن دامەزراوە حکومی و تایبەتەکانەوە ( الجندي ، ١٩٨٧، ص١٣٢) .

**دووەم: پەرەسەندنی مێژوویی گەشەپێدان:**

**ئادەم سمیث** کە ئابووریناسێکی بەریتانییە، لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم هەتا جەنگی دووەمی جیهانی؛ هەردوو زاراوەی پێشکەوتنی مادی و پێشکەوتنی ئابووری بەکارهێنا، ئەوەش وەك ئاماژەیەك بۆ ڕوودانی پەرەسەندن، هەرچی زاراوەی گەشەپێدانیشە؛ بەشێوەیەکی سەرەکی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە هاتە ئاراوە (عارف ، ماڵپەڕی ئەلکترۆنی).

دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، گرنگی زیاتر درا بە گرفتی گەشەپێدان لەلایەن بیریارە ئابوورییەکان و لێکۆڵەرە زانستیەکانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی ڕووبەڕووی ئەوروپا بوویەوە، ئەوەش پاش ئەوەی جەنگ و زیانەکانی بەپایان گەیشتن. ئەوان ئەوکات پێویستیان بەوە بوو کۆمەڵگە دارماوەکەیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سەرلەنوێ بونیاد بنێنەوە؛ بۆیە زۆرێك لە وڵاتە دواکەوتووەکان دوای سەربەخۆبوونیان دووچاری کێشە بوونەوە (طيبي وآخرون ، ١٩٩٠، ص١٢٣-١٢٥).

لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان هەتا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، چەمکی گەشەپێدان لە جیهاندا پەرەی سەند و، لەوە دەرچوو کە تەنها لە گەشەپێدانی ئابووریدا خۆی ببینێتەوە؛ بەڵکو گواسترایەوە بۆ چەمکێکی گشتگیری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بە سەرجەم ڕەهەندە جیاوازەکانییانەوە (الجمل ، ٢٠٠٦، ص٢١).

لە کۆتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمیشدا، هەوڵەکان لەسەر گەشەپێدانی بەردەوام یاخود درێژخایەن (التنمية المستدامة) چڕکرانەوە، ئەم جۆرە گەشەپێدانەش بریتییە لەوەی لایەنی پەیوەندیدار هەڵدەسێت بە دەستخستنی پرۆسەکانی گەشەپێدان و توانست و لێهاتوویە پێویستەکان هەتا بتوانێت بەردەوامی بە گەشەپێدان بدات؛ چونکە بەردەوامبوون داخوازی فەراهەمکردنی چەند هەلومەرجێکی پێویستە بۆ پرۆسەکانی گەشەپێدان، وەك زانین، کارامەیی، ڕێکخستن و داهات، هەروەها پێویستی بەوەشە پرۆسەی گەشەپێدان ببێتە بەشێك لە بەشەکانی بیر و کردە لەلای ئەندامانی کۆمەڵەکە. (عثمان ، ١٩٩٩، ص٣٢٥).

لە نەوەدەکانیشدا، زاراوەی گەشەپێدانی مرۆیی لە گوتاری ئابووریی و سیاسییدا لەسەر ئاستی تێکڕای جیهان خۆی سەپاند، هەروەك بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتی ساڵانەی لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی، ڕۆڵی گەورەیان بینی لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ئەم زاراوەیە (عبدالرحمن ، ٢٠١١، ص٨-٩).

وردە وردە چەمکی گەشەپێدانی درێژخایەن دەرکەوت، ئەویش لە دەرەنجامی ئاوێتەبوونی دوو میتۆدی گەشەپێداندا هاتە ئاراوە: **یەکەمیان**: بریتییە لە ستراتیژییەتی گەشەپێدانی مرۆیی، کە لە ڕاپۆرتەکانی گەشەپێدانی مرۆیی بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، **دووەمیان**: پرۆگرامی گەشەپێدانی درێژخایەن کە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و گەشەپێدان لە شاری **ریۆ دی جانیرۆی** بەرازیل لە ساڵی ١٩٩٢ پشتی پێبەست. (نویر ، ص١٥٥، ماڵپەڕی ئەلکترۆنی)

بەم جۆرە گەشەپێدان بوو بە بەرپرسیارێتییەکی نێودەوڵەتی، ئەوەش تەنها بە گوێرەی ئەو ڕاگەیاندنە نەبوو کە ساڵی ١٩٨٦ جەختی لەسەر مافی گەشەپێدانی دەکردەوە، یان ڕاگەیاندنی کۆبنهاگنی ساڵی ١٩٩٥، کە تایبەت بوو بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی و جەختی دەکردەوە لەسەر پابەندبوونی حکومەتەکان بە بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکانی بە مافی گەشەپێدانیشەوە، هەموو ئەمانەش بە لەبەرچاوگرتنی بەناویەکداچوون و پەیوەستبوونی هاوبەش لە نێوان دیموکراتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەهاتە ئاراوە (مصطفى، ٢٠١٦، ص٢٦-٢٧).

لە ئێستادا، پرسی گەشەپێدان یەکێکە لە گرنگترینی پرسەکانی جیهان لە سەردەمی جیهانگیریدا، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆزە و لەمیانەی ئەزموون و سیاسەتەکەی؛ خۆی سەپاندووە بەسەر بیر وهزری جیهانیدا. هەرچی سەبارەت بە میتۆدی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی ناوخۆییە (لۆکاڵیە)، ئەوا یەکێکە لەو ڕێگەیانەی دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی گەشەپێدانی و گۆڕینی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکە بەرەو چاکتر، جا پێگەی ئەو کۆمەڵگایانە لە لادێ بن یان شار، لە وڵاتێکی پیشەسازییدا بێت یان دواکەوتوو؛ چونکە حەز و ئارەزووەکانیان بۆ بەرەو چاکتر شتێکی ڕێژەییە و هیچ سنوورێك سنووربەندی ناکات، دواتریش ناکرێ پێویستی وڵاتە دواکەوتووەکان بۆ پراکتیزەکردنی ئەم پرۆگرامە بەراوورد بکرێ بە پێویستی وڵاتە دەوڵەمەندەکان (عيسى و عامر، ٢٠٢٠، ص٢٩).

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە و لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیی و وەزیفەکانیاندا ڕوو دەدات و، بونیادێکی نوێی کۆمەڵایەتیە و، لەڕێگەی تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم پێداویستییە کۆمەڵایەتیانەش بە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك و کۆمەڵگە دیاری دەکرێت، هەروەها پێداویستییە تەقلیدییەکانی تاکیش بە پێداویستییە بنەڕەتییەکان دیاری

دەکرێت ، وەك پێویستی بایۆلۆجی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەرچی پێویستییەکانی کۆمەڵگاشە ئەوا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵگەدایە دەستنیشان دەکرێت، وەك سیستمی ئابووری و خێزانی و هەروەها سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی و سیستمی ئاکاریی و سیستمی جوانیی و دەربڕین (رحيل ، ٢٠٠٢، ص٢٨٨-٢٨٩).

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:

١-گەشەپێدان، پێش هەموو شتێك، پرۆسەیەکی خودییە، هەڵسوڕێنەکانیشی لە ناو خودی قەوارەکەدایە (عبدالهادی ، ٢٠٠٧، ص١٤٧).

٢-گەشەپێدان پرۆسەیەکی دەستەجەمعییە، بۆیە پێویستە سەرجەم دەستە و کەرت و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگا بەشداری تێدا بکەن.

٣-گەشەپێدان پرۆسەیەکی هۆشدارییە، کەوابوو پرۆسەیەکی خۆبەخۆ نییە بەڵکو ئامانجەکانی دیاریکراوە (بدران ، ٢٠١٤، ص٢٤).

٤-خاوەنی یەك ڕێچکە یان یەك ئاراستە نییە کە پێشتر دیاریکرابێت، بەڵکو ڕێچکە و ئاڕاستەکانی هەمەچەشنە و بە گۆڕانی قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دەگۆڕێن.

٥-پرۆسەیەکی داینامیکیی بەردەوامە، واتە: جێگیر و چەقبەستوو و نەجوڵاو نییە (بن كادی ، ٢٠٠٨، ص٢٥).

٦-بەشداریکردنی خەڵکی کاراکتەرێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

٧-گەشەپێدانی کۆمەڵگە، گرنگی دەدات بە هێنانەکایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

٨-کۆتا ئامانجی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی تاك و کۆمەڵ (المور، ٢٠٠٩، ص٤٤).

## چوارەم: ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارێکی سەر بە گەشەپێدان، پێویستە ئەوانەی پێی هەڵدەستن، خاوەنی ئامانجگەلێك بن و لە هەوڵ بەدەستهێنانیدا بن، گرنگترین ئەو ئامانجانەش ئەمانەن:

**یەکەم**: بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی:

یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی گەشەپێدان، چاککردنی ژیانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەیە، ئەوەش لە ڕێگەی تێرکردنی پێداویستییە مادی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە دەبێت، بە واتای دەستەبەرکردنی خواردن و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و کارەبا و تەندروستی دێت، لەگەڵ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزگرتنی مافەکانی و، گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ چونکە پێویستییەکانی مرۆڤ کە هەوڵیان بۆ دەدات بۆ دەستخستنی، بەپێی کات و شوێن دەگۆڕدرێن هەروەك بەپێی تەمەن و ڕەگەز و ئەو پێگەیەی کە لە ڕووی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییەوە هەیەتی، گۆڕانی بەسەردا دێت. (العيسوی ، ١٩٨٤، ص٢٧). لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە چاککردنی جۆری ژیان لە چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا، ئەویش لەمیانەی بەرپاکرنی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەیە کە بەشداری دەکەن لە دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان لایەنی مادی و لایەنی مرۆییدا، بەجۆرێك کە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی مانەوە و گەشەکردنی کۆمەڵگە. (رشوان ، ٢٠٠٩، ص٦٢).

**دووەم**: بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی:

ئامانجی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە کەرتی تەندروستی پێشبخات ئەم کەرتەش لەخۆیدا بایەخ دەدات بە لایەنەکانی خۆپارێزی و چارەسەرکردنی هاوڵاتیان لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی منداڵان؛ چونکە پەیوەندییەکی هۆگیریی ئاڵوگۆڕ هەیە لە نێوان تەندروستی و گەشەپێداندا لەلایەك و لە نێوان ئەو پێوەرانەی کە بەکاردێن بۆ پێودانگکردنی پێشکەوتنی تەندروستی لە لایەکی ترەوە. (حمیدوش ، ص١٥٥، ماڵپەڕی ئەلکترۆنی).

**سێیەم**: کەمکردنەوەی بڕی جیاوازیی لە نێوان داهات و ساماندا:

لە یەکەم سەرنجدا، ئەم ئامانجە وەك ئامانجێکی مادی خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە کرۆك و ڕەهەندەکانیدا ئامانجێکی کۆمەڵایەتییە؛ چونکە بە مانای کەمکردنەوەی پانتایی دێت لە نێوان داهاتی تاك و ئەو سامانەی لەبەردەستدایە، بە واتایەکی دی دابەشکارییەکی دادپەروەرانەیە لە داهاتی نەتەوەییدا، دواتریش بە گشتی دەستەبەرکردنی ئاستگەلێکی بژێوی چوونییەکە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە (صبيح وأبو حلو، ٢٠١٠، ص٩٥).

**چوارەم**: دابینکردن و تێرکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی تاك:

ئەرکی دەوڵەتە، سەقامگیریی دەستەبەربکات بۆ تاکەکانی، هەروەها جیاوازی کۆمەڵایەتی نەهێڵێت لە نێوانیاندا و، پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکات، وەك چارەسەرکردن و ئاسایش و شوێنی نیشتەجێبوون و جلوبەرگ و خواردن و فێرکردن و کارکردن، لەم بارەشدا گەشەپێدان هەوڵ دەدات ئەم پێداویستییانە دابین بکات یاخود ئەو کەموکوڕیانەی کە تیایاندا پەیدا دەبێت کەمیان بکاتەوە، هەروەك هەوڵ دەدات _هەتا ئەو ڕادەیەی بۆی بلوێت_ هەلی باشتربوون بڕەخسێنێت. (عجمیه وآخرون، ١٩٨٣، ص٥٣).

**ئەم ئامانجە سەرەکییە چەند ئامانجگەلێکی لاوەکیی دەستەبەر دەکات، کە بریتیین لە:**

١-گۆڕانکاریکردن لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و وەزیفەکانی، ئەم گۆڕانە هەریەکە لەشێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو سیستەم و پێوەر و بەهایانە دەگرێتەخۆ، کە لەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە لایەندارییان دەکەن، تیایدا کاردەکەنە سەر ڕەفتاری تاك و ڕۆڵی تاك دیاری دەکەن.

٢-چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەوە پەیدابوون و وابەستەن پێیانەوە.

٣-دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، پێویستە لەسەر حکومەت سەقامگیری بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات و جیاوازی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا نەهێڵێت و پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ دەستەبەر بکات وەکو: چارەسەرکردن و ئاسایش و شوێنی نیشتەجێبوون وخواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ وفێرکردن، کارکردن گەشەپێدان هەوڵدەدات ئەمانە دەستەبەر بکات کەموکورتییەکان نەهێڵێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگات بە ئاستێکی باشتر (الدليمي، علي حمادة عودة،٢٠١٠،ص٥٠).

٤-چاککردنی خوێندن و باری کۆمەڵایەتی تاك و هاوکاریکردنیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا.

٥-چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی گەشەپێدانی ئابوورییەوە هاتوونەتە ئاراوە، وەك: گواستنەوە لە کۆمەڵگەی لادێییەوە بۆ کۆمەڵگەی شارستانیی، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاریی.

٦-چاندنی بەها و ئاراستە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکانی وەك: هاوکاریی و بەجێهێنانی کارە پێویستەکان.

٧-پاڵپشتیکردنی ژیانی ناو خێزان، ئەوەش بە مەبەستی زیادکردنی پتەوی و یەکگرتوویی و سەقامگیریی و هاوکاریکردنی نێوان تاکەکانی خێزانە. (أبو نصر و محمد ،٢٠١٧، ص٩٥).

٨-پڕکردنی هەگبەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زانیاری و کارامەیی و توانا و شیاوێتی، بۆئەوەی ببنە هاوکارێك بۆ چاککردنی ئاستی بژێویان.

٩-ڕەخساندنی هەلی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بەشداری کرداریی بکەن لە ئاراستەکردنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی (السروجي ، ٢٠٠١، ص٣٦).

کەواتە مرۆڤ تەوەرو ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانە لە یەک کاتداو ئامانجی گەشەپێدان بوونیادنانی مرۆڤە لە رووی مەعنەوییەوە هەر لەم ئامانجەوە چەند ئامانجێکی تری وەک ئابووری و کۆمەڵایەتی هەن ، وە لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ خۆی بەشداریکارو جێبەجێکاری گەشەپێدانەو ، جەستەو بیرو هۆشی پڕیەتی لە هەست و بیرۆکەو بیروباوەڕوهەڵوێست و ئارەزووەکانی هەموو ئەمانە فاکتەری یەکلاکەرەوەی پرۆسەی گەشەپێدانن لە بواری کۆمەڵایەتیدا واتە ئامانجی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەر مەعنەوی نیە بەڵکو مادیشە کە ئەویش خۆی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و تەندروستی و فێرکردن ..هتد دەبینێتەوە ، ئامانجەکانی گەشەپێدانیش ڕێکارو بەرنامەکانی بە گوێرەی سیستمی سیاسی وئایدۆلۆژییەتی ئەو کۆمەڵگایە (پێشکەوتوو بێت یان دواکەوتوو) جیاواز دەبێت.

**پێنجەم: پرنسیپەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپی بنەڕەتی گرنگ وەستاوە تا تەواو و بێ کەموکورتیی بێت، هاوکات هاریکار بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کە بەم چەشنەی خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

١-بەشدارییپێکردنی ئەندامانی ژینگەی لۆکاڵی لە کردەی بیرکردنەوەدا و، کارکردن بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی ئامانجیان بەئاگاهێنانەوەو هەستانە بەم پرۆسەیە، ئەوەش لەمیانەی وروژاندنی عەقڵ و بیریانە بەرەو ئاستێکی چاکتری ژیان، بەجۆرێك کە سنوورەکانی ژیانە کلاسیکییەکەیان تێپەڕێنێت، هاوکات لە ڕێگەی قایلکردنیان بە پێداویستییە نوێیەکانی سەردەم و، ڕاهێنانپێکردنیان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا و، ڕاهێنانیان لەسەر هەندێك شێوازی نوێ، کە لە دووتوێی نەریتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەك: پاشەکەوتکردن و بەکاربردندا، بەدی دەکرێن. (محمد ، بدون سنة الطبع. ، ص١٢٦).

٢-تەواوکاریی کۆمەڵایەتی (social intersection) و یەکخستنی نێوان بەرنامەکانی گەشەپێدان، هاوکات تەواوکاریی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و هاوئاهەنگی لە نێوان کارەکانیدا بەجۆرێك کە دووبارە نەبێتەوە یان دژیەك نەبن، هەروەها بەرجەستەکردنی ئەم جۆرە تەواوکارییە لە نێوان ئەو پرۆژانەی کە لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، بونیادنراون. (بودانة ، ٢٠١٤، ص٨٠).

٣-پەلەکردن بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامە مادییە بەرجەستەکانی کۆمەڵگە، هەندێک لەوانەی کە لەمەیدانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن پێیان وایە؛ دەبێت دەروازەی چوونە ناو ئەم مەیدانە خۆی لە چەند بەرنامەیەکدا ببینێتەوە، کە هەم خزمەتگەلێکی ئەوتۆ لەخۆدەگرێت و هەمیش دەرئەنجامەکانی خێرایە، وەك خزمەتگوزاری خوێندن و پزیشکی و نیشتەجێبوون ، ئەوا پێویستە ئەوەندەی لە توانایدا بێت؛ ئەو پرۆژانە هەڵبژێردرێن کە داهاتی خێرا و تێچوویان

کەمە، لە هەمان کاتدا پێویستییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو فەراهەم بکەن. (یحیاوی ، ٢٠٠٤ ، ص٣٧-٣٨)

٤-پشتبەستن بە دەسکەوتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگا جا مادی بن یان مرۆیی، ئەوەش دەبێتە هۆی گەیاندنی سوودێکی ئابووری لەو ڕووەوەی تێچووی پرۆژەکان کەم دەکاتەوە و، بوارێکی وەزیفی فراوانتری پێ دەبەخشێت. پرۆسەی پشتبەستن بە داهاتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگا بە یەکێك لە شێوازەکانی گۆڕانی ژیاریی بە مەبەست، دادەنرێت، بەو پێیەی ئەو پرۆسەیە لەمیانەی شێوازە دێرینەکانەوە تێکەڵ بە شێوازە ژیارییە نوێیەکان دەکرێت. ئەویش بە بەکارهێنانی داهاتە لۆکاڵییە بەردەستەکانی نێو کۆمەڵگا، دەبێت. (محمد، بدون سنة، ص١٧).

٤-هاوکاری خودی، کە لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە دەستەبەرکردنی هەل بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، بە مەبەستی هاوکاریکردنی خودی خۆیان و هەڵنانیان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە (کتاب السطور، ماڵپەڕی ئەلکترۆنی).

هەر بۆیە گەشەپێدانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پشت بە هەوڵ و کۆششی خودیی کۆمەڵگە دەبەستێت، واتە ناگونجێت پشت بە هاوکاری و یارمەتی وڵاتانی تر ببەستێت؛ چونکە بەشدارییێکردنی میللەت پێویستییەکی هاوتەریبە لەگەڵ پێویستی دروستبوونی ئەو ئاڕاستەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە و بەرەو پرۆژەکانی گەشەپێدان دەچێت، هاوکات یەکێك لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدان ئەوەیە کە گەشەپێدان بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە لە نێوان تاك و کۆمەڵگادا یان لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. (العیسوی ، ٢٠٠٦، ص٢٣).

کەواتە بە پشتبەستن بە ئەوانەی پێشووتر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک هەوڵی ئاراستەکراو پلان بۆ داڕێژراوە ئامانجی دروستکردنی گۆڕانکارییە لە بونیادو وەزیفەکانی کۆمەڵگادا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانج کە هەوڵی بە دەستهێنانی دەدات بە گوێرەی پلانێکی دیاریکراو ئەویش لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی تاکەکانی کۆمەڵگاو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆیان ئەویش بە پشتبەستن و بڕوابوونی مرۆڤ بە خۆی و بەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی وە بۆ دەربڕینی تواناو ئیرادەی بۆ گۆڕانکاری ئەویش لە میانەی هەلپێدانی بۆ بەشداریکردنی لەو پرۆسەیەدا.

## شەشەم: ڕەگەزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

دەکرێت ڕەگەزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە سێ شتدا کورت بکەرێنەوە؛ **گۆڕانی بونیادی، پاڵنانی بەهێز، ستراتیژییەتی گونجاو**:

**١-گۆڕانی بونیادی (التغیر البنائی):** بەڕای **(سملزر)** گۆڕانێکی بنەڕەتییە؛ چونکە دەبێتە هۆی دروستکردنی وەرچەرخانێکی فراوان و قوڵ لە بونیاد و دیاردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکانی کۆمەڵگادا. ئەم ڕەگەزە تەنها لە یەك شێوازی ڕەفتار و چالاکی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا بەدی ناکرێت، بەڵکو هەموو شێوازە بەربڵاوەکانی ناو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، (الخفاجی، ٢٠٠٧، ص٣٠-_٣١).

ئەو کاتەی کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرکەوتنی دەبێت لەگەڵ پێکهاتەی دانیشتوانی کۆمەڵگە یان لەگەڵ بونیادە سروشتییەکەی یان سیستمە کۆمەڵایەتییەکەی یاخود شێوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی یان بەهاکانی یان ئەو پێوەرانەی کە کاردەکەنە سەر ڕەفتاری تاکەکان، ئیدی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی؛ کاریگەریی لەسەر ئەم لایەنانە جێ دەهێڵێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تەنها بریتیی نییە لە پێشکەشکردنی جۆرێکی دیاریکراوی خزمەتگوزاریی، بەڵکو دوو ڕەگەزی بنەڕەتی لەخۆی دەگرێت کە ئەمانەن:

١. گۆڕینی شێوازە کۆنەکان کە چیتر ناتوانن هاوتەریی لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی ژیان بکەن.

٢. بەرپاکردنی بونیادێکی نوێی کۆمەڵایەتی کە جودا بێت لە بونیادە کۆمەڵایەتییە کۆنەکە، کە پەیوەندی و بەهای نوێی لێوە هەڵدەقوڵێت و زۆرترین پێویستیی تاکەکان بەرجەستە دەکات. (ثابت ،١٩٨٣، ص ٣٢-٣٣).

٢. **پاڵنانی بەهێز (الدفعة القویة)**: بێگومان پاڵنانی بەهێزیش پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدان و دەرچوون لە حاڵەتی چەقبەستوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری و، هێنانەکایەی گۆڕانی چۆنێتیی لە کۆمەڵگادا و، گەیشتن بە خاڵی پێشکەوتن لە زووترین کاتدا. (الزین و زهری، ١٩٩٦، ص١٦٧-_١٦٨).

لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا حکومەت (تا ئاستێکی زۆر) بەرپرسیارە لە دروستکردنی ئەو پاڵنانە یان پاڵنانە بەهێزەکان؛ چونکە میکانیزمەکانی گۆڕانکاری تەنها لای ئەو هەیە و، هەر خۆشی بەرپرسە لە گەرەنتی دابینکردنی نزمترین ئاستی بژێوی تاکەکان. دەکرێ ئەم پاڵنانە بەهێزە لە بواری کۆمەڵایەتی ببێتە بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کە جیاوازی کەم بکاتەوە لە دابەشکردنی داهات و سامان لە نێوان هاوڵاتیان، ئەوەش بە دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەبێت لە نێوان تاکەکاندا. (السروجی ، ٢٠٠١، ص٧٠).

٣-**ستراتیژییەتی گونجاو (استراتیجیة ملائمة)** : مەبەست لێی ئەو چوارچێوە گشتییەیە، کە سیاسەتی گەشەپێدان لە گواستنەوەی گشتییەوە بۆ حاڵەتێکی پێشکەوتوو، ڕەنگڕێژی دەکات. یەکێك لە پێداویستییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دروست، ئەوەیە کە کۆمەڵە پلانێکی ستراتیژی و تەکتیکی هەبن و هاوکاری بکەن بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام؛ چونکە پلانە ستراتیژییەکان هاوکارن بۆ دیاریکردنی ئامانج و مەشخەڵە سەرەکییەکان و، ئەو پرسانەشی کە پەیوەستن بە

دەستەبەرکردنی ئامانجەکانەوە، هەرچی پلانە تەکتیکییەکانیشە؛ بێگومان بۆ ئەوە دانراون تا ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە زانستییەکان ببنەوە و، مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەدا بکەن، ئیدی جیاوازیشی نیە ئەو هەڵوێستانە چاوەڕوانکراوبن یان نا. (الزين وزهري، ل١٦٨). وە لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە هەریەکە لەو دوو ڕەگەزەی سەرەوەکە ئاماژەمان پێداوە هۆکارن بۆ هێنانەدی ستراتیژییەکی گونجاو چونکە ستراتیژییەتی گەشەپێدان لە کۆمەڵگادا هەڵدەستێت بە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا واتە هاوسەنگی لەنێوان سەرمایەی مرۆی و سەرمایەی مادیدا دەکات .وە مرۆڤیش تەوەری سەرەکی هێنانەدی ئەم دوو لایەنەیە ( کۆمەڵایەتی و ئابووری) .

## هەشتەم: نموونەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

ئەوانەی گرنگی بە پرسی گەشەپێدان دەدەن؛ گرنگترین نموونەکانی گەشەپێدان بۆ سێ نموونە (مۆدێل)ی سەرەکی، پۆلێن دەکەن، ئەوانیش:

**١-مۆدێلی (نموونەی) تەواوکاری (Intigrativ type):**

بریتییە لەو بەرنامانەی کە هاوسەنگی گەشەپێدان لە هەر دوو ئاستی کەرتیی و جوگرافیدا بەرجەستە دەکات و، هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان هەوڵە پلان بۆ داڕێژراوە حوکمییەکان و هەوڵە جەماوەرییە وروژێنراوەکان، بەرجەستە دەکات. ئەم نموونەیە لەسەر بنەمای نوێکردنەوەی یەکە کارگێڕی و ڕێکخراوە نوێییەکانە ئەویش بە مەبەستی دابینکردنی دامەزراوەی گەشەپێدان لەناو کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، کە لەلایەن دەزگایەکی ناوەندی جیا لە دەزگا ئەرکگەرا یان وەزیفییەکان سەرپەرشتی دەکرێت کە بەندە لەسەر ئاستە کارگێڕییەکانی وەک وەزارەتی پلاندانان. (خاطر ، ٢٠٠٠، ص٥٤)

**٢-نموونەی گونجاوی (Adabtive type):**

ئەم مۆدێلە لە گەشەپێدان لەگەڵ مۆدێلی پێشوودا هاوڕایە لەوەدا کە بەرنامەکان لە ئاستی ناوەندییەوە (المركزي) سەرچاوە دەگرن؛ بەڵام لەوەدا لەگەڵی جیاوازە کە خاڵەکانی جەخت لە پرۆسەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و وروژاندنی هەوڵی خودی و پشتبەستن بە ڕێکخراوە نەتەوەییەکان سنووردار و قەتیس بووە، ئەم نموونە پێیدەوترێت گونجاوی؛ چونکە _وەک نموونەی پێشوو_ پێویستی بە هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە ڕێکخستنی کارگێڕیدا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەتوانرێت بەرنامەکانی ئەم نموونە لە ژێر هەر جۆرە ڕێکخراوێکی کارگێڕیدا جێبەجێ بکرێت، هاوکات دەتوانرێت ئەو دەزگا ڕێکخستنەی کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات، بیبەستێتەوە بە هەر دەزگایەکی کارگێڕی دیکەی ئەوتۆ کە لەوێدا هەیە و بکرێتە پاشکۆی. (فهمي وآخرون، ١٩٨٦، ص٣٠).

**٣-نموونەی پرۆژە (Project type):**

ئەم مۆدێلە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دەکرێت کە دارای باروودۆخێکی تایبەت بەخۆیەتی، لێرەوە جیاوازی نێوان ئەم نموونە و دوو نموونەکەی پێشوو دەردەکەوێت. ئەم نموونە (مۆدێلە) لەگەڵ مۆدێلی تەواوکاریدا هاوڕایە لەوەی کە مۆدێلێکی فرە مەبەستە، بەڵام لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دەکرێت؛ چونکە مۆدێلی تەواوکاری بە گشتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکرێت، هەندێک لەوانەی بایەخ بە پرسەکانی گەشەپێدان دەدەن پێیان وایە؛ ئەم مۆدێلە دەتوانێت وەکو مۆدێلێکی ئەزموونی (تاقیکاری) یان گەڕان و کنە و پشکێنەر بێت و، لەسەر ئاستی نەوتەوەیی جێبەجێ بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە لە ناوچە تاقیکراوەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنابێ و کاریگەرییەکەی چەسپاو بێت. (بیصار و شريط، ٢٠١٨، ص٤٣-٤٤) .

دەتوانین بڵێین ئەم سێ نموونەیەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگن بۆ دەوڵەتە دواکەوتووەکان نموونەی یەکەمیان لەسەر ئاستی کۆمەڵگایە ، هەموو ناوچەیەکی جوگرافی ئەو دەوڵەتە دەگرێتەوە هەروەها هەموو کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەوە واتە بە هەماهەنگی و یارمەتی هەوڵی حکومی و ناوخۆی جێبەجێ دەکرێت ، هەرچی نموونەی دووەمە هاوڕایە لەگەڵ نموونەی یەکەمدا تەنها لەوەدا جیاوازە کە لە میانەی هەوڵی خودی و ڕێکخستنە ناوخۆییەکانەوە دەبێت دەتوانرێت لەژێر هەموو ڕێکخستنێکی کارگێڕدا جێبەجێبکرێت، بەڵام نموونەی سێیەم لە هەردوو نموونەکەی تر جیاوازترە چونکە پێویستی بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو و دارایی تایبەت بە خۆیی هەیە هەربۆیە هەموو نموونەکان لەگەڵ نموونەی یەکەمدا هاوڕان چونکە فرە مەبەستەو دەتوانرێت لەسەر ئاستی نەتەوەیش تاقیبکرێتەوە.

## نۆیەم: بنەماکانی پلاندانان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی :

**یەکەم: پلاندانان:**

پلاندانان شێوازێکی ڕێکخراوەییە و ئامانجی ئەوەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدەست بهێنێت، ئەویش بە قەتیسکردنی توانستەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە توانای بشکێ بەسەر بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجەکانی کۆمەڵگا لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی گشتی کۆمەڵگا و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە بەسەریدا زاڵە. (محمد ، بدون سنة الطبع، ص١١) .

**گرنگترین ئامرازەکانی پلاندانانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتین لە:**

١- خزمەتگوزارییەکانی کاریگەری سەرچاوە مرۆییەکان لە پرۆسە ئاڵوگۆڕکراوەکاندا (العمليات التحويلية) ، کە لە جۆری خزمەتگوزارییە ڕاستەوخۆن.

٢- خزمەتگوزارییەکان بۆ ئاسانکاری لە دروستکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری و سوودمەندکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا بەو سەرچاوە و کاڵایانەی کە لەلایەن ئەم پرۆسانەوە دابین دەکرێن، کە بریتین لە جۆری خزمەتگوزاری ناڕاستەوخۆ، خزمەتگوزارییەکانیش سیما و ڕووخساری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی نین؛ بەڵکو تەنها ئامرازێکن و لەلایەن پلاندانانەوە بەکاردەهێنرێن بۆ هێنانەدی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. (حلمي ، ١٩٧٣، ص١٥٠).

**هێڵەکانی پلاندانانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی:**

**١. دانانی پلان**: بریتییە لە کۆی داتا بنەڕەتییەکان و، دیاریکردنی ئامانجەکانی پلانەکە و، دیزاینکردنی چوارچێوەی سەرەتایی لە پلانەکەدا و، دیزاینکردنی چوارچێوەی کۆتایی بۆ پلانەکە. (شكارة ، ١٩٧٥، ص٤١٢).

**٢. جێبەجێکردنی پلانەکە**: بریتییە لە وێناکردنی پلانەکانی جێبەجێکردن کە توانای هەیە ئەم ئاڕاستە و ئامانجانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بکاتە واقیع، هەروەها دەبێت هەموو ئۆرگانە تەکنیکییە ناوەندی و نا ناوەندییەکان بەشداری بکەن لە خستنەبواری جێبەجێکردنی ئەم پلانانەدا. (الحسن ، ٢٠٠٥، ص١٧٤).

**٣. قۆناغی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن**: بۆ ئەوەی پلانی پەسەندکراو دروست بێت و لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێت چونکە هەر پلانێک لەوانەیە دووچاری کەموکوڕی و کەموزیاد ببێتەوە، یان وێکچوو نەبێت لەگەڵ واقیعی ئێستای ئەندامانی کۆمەڵگادا؛ ئەوا بەردەوام بەدواداچوون و چاودێریکردنی لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو جارێکدا پێویستە، ئەمەش بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و لەو دژیەکییە ڕزگار بکرێت، دواتر دەستکاری بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستی و داواکارییەکانی بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا بگونجێت. (السعيد، ٢٠١٠، ص١١٤).

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە پلاندانان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ( پێشکەوتوو بێت یان دواکەوتوو) پێویستە چونکە هەوڵی ڕێکخستنی بەرنامەو پرۆژەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەدات لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا کە پێویستی بە کات و هەوڵ و خەرجی هەیە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی پلانەکە ، هەر بۆیە قۆناغەکانی پلاندانان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زۆرگرنگە تاکو ئامانجی پلانەکەو جێبەجێکردنی و هەڵسەنگاندنی بێ خەوش بێت و بتوانرێت لە داهاتوودا سوودی لێوەربگیرێت و لەگەڵ پێویستیی و خواستی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت چونکە پلاندانان بناغەیەکی پێویستە بۆ پەیڕەوکردنی کارەکان لە هەموو ئاستەکاندا و یەکێکە لەو ڕەگەزە کارگێڕیانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر سەرکەوتنی کارەکان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

**باسی دووەم: ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەشنی توخمێکی گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێدانی نەتەوەیی گشتگیردا نەك فاکتەرێکی لاوەکی کە تەواوکەری ئەو پرۆسەیە بێت، هەروەها تەنها دروستکردن و داهێنانی گۆڕانکاری نییە لە پێکهاتە و هەیکەلی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا؛ بەڵکو بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی نێو کۆمەڵگادا هەژماردەکرێت، بەڵام چەندان ئاڵنگاری و ئاستەنگی ئەوتۆ هەن ڕێگرن لە گەیشتن بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کە دەبێت لە پێناو بەردەوامیدا کاریگەرییەکەی لاببرێت. ئەم ئاستەنگ و ئاڵنگاریانە لە ئەنجامی ناتەبایی و نەگونجانی نێوان بارودۆخەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی گەشەسەندنی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرن. (الغرابية ، ٢٠١٠، ص٨٤).

-**ئاستەنگە دەرەکییەکان**: ئەمڕۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تووشی بەریەککەوتن دەبێت لەگەڵ بەربەستی توانستە دەرەکییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان و، پاشکۆی ئابووری و ، کۆنترۆڵکردنی قۆرخکارییەکانی سەرمایەداری و ، زاڵبوونی لە بازاڕی جیهانیدا. هەموو ئەمانە و هۆکاری تر وادەکات هەموویان پشت بەخۆیان ببەستن وەک ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە ئەرک و ئامانجە سەربەخۆکانی گەشەپێدان لە وڵاتە جیاوازەکاندا. (حنفي و العظم،٢٠٠٠،ص٨).

- **جیهانگیری**: ئەم بابەتە هەریەك لە بیرمەندانی گەلانی جیهان و پسپۆڕەکان و ڕۆشنبیرانی، بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. بۆچوونەکان سەبارەت بە جەوهەرەکەی جیاوازن، هەروەها بایەخپێدەرانی ئەم بوارە لە ڕۆشنبیران و توێژەران بوونەتە دوو بەشی دژ بەیەک، سەرەڕای کۆکبوونیان لەسەر ئەوەی جیهانگیری دیاردەیەکی نوێی جیهانییە کە تەنیا پەیوەندی بە سیاسەت و ئابوورییەوە نییە، بەڵکو لق و پەل دەهاوێت بۆ هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و زانستی و بەرهەمهێنان (صبيح و أبوحلو، ٢٠١٠، ص٦٥-٦٦).

هەندێک پێیانوایە جیهانگیری بەستراوەتەوە بە چەمکی سەرمایەداری مۆدێرنەوە، کە هەوڵی ڕێکخستنی

تایبەتمەندییەکانی سیستەمی جیهانی دەدا، بەپێی ئەوەی کە بە سیستەمی ئابووری جیهانی یەکگرتوو ناودەبرا، ئیدی ئەم بیرۆکەیە لە ئەوروپا دەرکەوت و دواتر لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە لە کۆمەڵگای نائەوروپیەکاندا بڵاوبووەوە، وڵاتانی پیشەسازیش بوون بە بنکە و جێگەی سەرنجی ئەم سیستەمە، لە کاتێکدا وڵاتانی تازەپێگەیشتوویش لە پەراوێزی ئەو سیستەمەدا مانەوە، ئامانجەکەش بریتی بوو لە یەکخستنی جیهان لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان و یەکگرتووی بازاڕە جیهانییەکان، کە لەلایەن کۆمپانیا فرەڕگەزەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن . (فاضل ، ٢٠١٠، ص١٨).

**– قەرزە دەرەکییەکان:**

گرفتی قەرزی دەرەکی یەکێکە لەو کێشە سەرەکیانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەبێتەوە، ئەویش لەڕووی کاریگەرییەکانی لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدان، کێشەی قەرزداری بەم هۆکارانەی خوارەوە دەرکەوت:

-لە ئەنجامی زیادبوونی خواستی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان بۆ قەرز لە کۆتایی حەفتاکان، بانکە جیهانییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا دەستیان کرد بە توندکردنەوەی مەرجەکانی قەرزدان و، دەستیان کرد بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود و بەرتەسککردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکان.

-کەمبوونەوەی هەڵاوسانی جیهانی هۆکاری کەمبوونەوەی نرخی کاڵا جیهانییەکان بوو، وەک کەرەستەی خاو کە لەلایەن وڵاتانی تازەپێگەیشتووەوە هەنادرە دەکرێن؛ بەڵام لە هەمان کاتدا نرخی کەلوپەلی پیشەسازی بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بوو، ئەمەش بووەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و، زیادبوونی ئەو پارەی کە ئەیدەن بە جیهانی دەرەوە و، بەرزبوونەوەی ئاستی قەرزە دەرەکییەکانیان و، بێتواناییان لە دانەوەی قەرزەکانی پێشوویان (معلم ، ٢٠١٧، ص٦٤_-٦٥).

**– داگیرکاری:**

وڵاتانی داگیرکار بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە باڵادەستی تەکنیکی خۆیان بەستووە و، سوودیان لە هونەری چەک وەرگرتووە بۆ داگیرکردنی وڵاتانی باشوور، وڵاتانی داگیرکەر درندەیی سەربازیی بێوچانیان، بەکارهێنا بۆ ژێردەستەکردنی گەلانی باشوور لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و، سەپاندنی کاری زۆرەملێ و، لەناوبردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و، بەکارهێنانی شێوازی دەروونی و ڕەگەزپەرستانە ، هەموو ئەمانە ڕێگربوون لە جووڵەی گەشەپێدان لە بوارە جیاوازەکاندا . (یحیاوي ، ٢٠٠٤، ص٧١).

**– پاشکۆی و دواکەوتوویی :**

پاشکۆی یەکێکە لە سیستەمە یەکگرتووەکان کە لە پەیوەندی و پێکهاتە ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیر و کەلتووری و کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان پێکهاتووە، کە بە شێوەی ناکۆک و جیاواز دەردەکەوێت، ڕەنگە گرنگترینیان ئەم شێوانە بن پاشکۆی بازرگانی و پاشکۆی دارای وپاشکۆی داگیرکاری وپاشکۆی تەکنیکی ..هتد (العیسی وآخرون،١٩٩٩، ص١٣٢):

**٢-ئاستەنگە ناوخۆییەکان:** ئەمانە فاکتەرە شاراوەکانی بنیاتنانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگاکانن کە بەدەست دواکەوتوویی و کەموکوڕی لە ڕێڕەوی گەشەکردنیانەوە، دەناڵێنن .

**-ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان:** بریتین لە بەربەستە دیمۆگرافی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و دەروونییەکان، فاکتەری دیمۆگرافی بە یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکان دادەنرێت کە دەبێتە لەمپەر لەسەر ڕێگری لە پلانەکانی گەشەپێدانی گشتگیر بۆ کۆمەڵگا دواکەوتووەکان؛ چونکە گەشەی دانیشتووان بە ڕێژەیەکی خێرا لە زیادبووندایە لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا کاریگەری زیادبوونی بەرهەمهێنان و داهات هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە بەرهەمی ئەو هەوڵانە ناچنێتەوە کە لە بوارە جیاوازەکاندا دراون. زاڵبوون بەسەر کێشەکانی دانیشتووان تەنها بە بەدەستهێنانی زیادبوونی بەرهەم و داهات بە ڕێژەیەکی زۆر تێدەپەڕێنرێت کە زۆر لە ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان زیاتر بێت؛ چونکە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی هەر چاکسازییەکی ڕاستەقینە لە ئاستی ژیانی هاوڵاتیاندا. (خاطر ، ٢٠٠٠، ص١٦٨).

- ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دانیشتووان دەکرێت لە کۆمەڵگادا کاریگەری نەرێنی لەسەرە، بەتایبەتی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک: (پەروەردە، خزمەتگوزاری تەندروستی، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، ئامرازەکانی گواستنەوە، پەیوەندی، کارەبا ... هتد) بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە بە لەبەرچاوگرتنی داهاتی سنووورداری دەوڵەت بەگشتی و، تواناکانی لە بوارەکانی خزمەتگوزاریدا، ئەمەش کار دەکاتە سەر گەشەپێدانی کۆمەڵگای ناوخۆیی.

- زیاد بوونی دانیشتووان دەبێتەهۆی گەورە بوون و، تێکچوونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و، ئابوریانە کە کۆمەڵگا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی کۆمەڵگەی ناوخۆیی (لۆکاڵی)، بەوەی پێویستە دەوڵەت بڕە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکات بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی، دەکرا ئەو پارانە ئاڕاستەی وەبەرهێنان بکرایە کە کار لەسەر جوڵاندنی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوخۆیی دەکات. (فاروق و أحمد، ص٩، موقع الانترنیت).

**. ئاستەنگە ئابوورییەکان:** وەک بڵاوبوونەوەی ڕێژەی بەرزی بێکاری، نەبوونی و لاوازی ژێرخانی ئابووری، و پشتبەستنی دارایی بە وڵاتانی بیانی لە ڕووی داراییکردنی پرۆژە ناوخۆییەکان لە ڕێگەی قەرزەوە . (العمري ، ٢٠١٦ ، ص١٧٨).

-بێکاریی قایلکراو: بریتییە لە دەرئەنجامێکی سروشتی و لۆژیکی لە کارلێکی نێوان خەسڵەتەکانی دواکەوتووی و تەقینەوەی دانیشتوان و ئاستی کەڵەکەبوونی سەرمایەو و تێکچوونی پێکهاتەی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوە دەگرێت . کاتێکیش تەقینەوەی دانیشتووان لە ئابووری نیشتمانیدا جێگەی خۆی دەگرێت، ئیدی جگە لە کەرتی کشتوکاڵ کەرتی تر سوود لێ نابینێت. کاتێکیش کەمبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان هاوتەریی ئەو تەقینەوە دەبێت، ئەوا ئەنجامە مسۆگەرییەکە یا حەتمییەکە دەبێت سەرهەڵدانی بێکاریی قایلکراوی لێبکەوێتەوە. (محیی الدین ، بدون سنة الطبع، ص٨٨_٨٩).

**-ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کەرتی کشتوکاڵ:**

چەندین هۆکاری بنەڕەتی و چارەنووسساز هەن دەبنە هۆی کەمبوونەوەی گرنگیدان پێیان؛ بەڵام ئەوەندە هەیە کە چەندان بەربەست هەیە و کاریگەرییان لەسەر لێهاتوویی و کارایی کەرتی کشتوکاڵ هەیە لەڕووی زیادکردنی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا، گرنگترینیان ئەم هۆکارانە ئەمانەی خوارەوەن:

-بایەخنەدانی پێویست بە پاراستنی بەرهەمە زیانبەخشە کشتوکاڵییەکان و، چڕکردنەوەی بەکارهێنانی مێروکوژە قەدەغەکراوەکان.

-هەوڵەکان نەگەیشتنە ئاستی پێویست بۆ باشترکردنی ئامرازەکانی هاتوچۆ و ئاوەڕۆکان، لە هەمان کاتدا پاراستنی بەرهەمی زەوییە کێڵدراوەکان لەگەڵ بوونی هێرشی بەردەوام بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان.

-نەبوونی توانای زیادکردنی خێرا لە بەکارهێنانی پەینە کیمیاییەکان. (خاطر و محمد، ٢٠١٠، ص ٢٠٢).

**-بەربەستە ڕۆشنبیرییەکان:** ئەمەش خۆیدەبینێتەوە لە هەربەك لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و، داب و نەریتەکان و، بەها بۆماوەییەکاندا، کە ڕەنگە ڕێگری بکەن لە گەیشتن بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. لەوەشە ئەو سیستەمە موڵکایەتیەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا زاڵە، ڕێگری لە بەرنامە و پرۆژەکانی گەشەپێدان بکات. وەك ئەوەی سیستەمی خزمایەتی بە یەکێک لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانە دادەنرێت کە ڕێگری لە هەوڵەکانی گەشەپێدان دەکات؛ چونکە پابەندبوونی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی یەکتری نێوان خزمەکان بە کۆسپێک لە کۆسپەکانی بەردەم گەشەپێدان دادەنرێت بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا خودی ئەم پابەندبوونانە گرنگییەکی زۆریان هەیە. هەروەها لە هەندێک کۆمەڵگا و کولتووردا گروپگەلێک هەن ئارەزووی پاراستنی کار و فرمان و شتە کۆنەکان دەکەن، وەک بەربەستێک وەستاون لەبەردەم ئەوانەی تازەن (رشوان ، ٢٠٠٩، ص٢٢٥).

**-بەها کۆمەڵایەتییە زاڵەکان:** بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێکهاتنی پێکهاتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ڕۆشنبیری و سیاسی کۆمەڵگاکاندا، بەجۆرێک دەبنە سەرچاوەی ڕەفتاری تاکەکەسی کە پاڵنەرێکە بۆ ڕەفتاری کۆمەڵ. پرۆسەی گەشەپێدان پێویستی بە شێوازی ڕەفتاری نوێ هەیە، هەروەها پێویستی بە بەهای نوێ هەیە کە پاڵیان پێبنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدان و بەرەو ڕێگای ڕاست.

**-بیروباوەڕە زاڵەکان:** ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە ڕێگریکردن لە گەشەپێدان، هەروەها لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا نموونەیان زۆرە، لە سودان ئەندامانی هۆزی (بێجا) بەرەنگاری بەکارهێنانی تراکتۆری میکانیکی بوونەوە، کە بەکاردەهێنرا لە کێڵانی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا ، چونکە پێیانوابوو زەوییەکە خراپ دەکات، بەهەمان شێوە هەڵوێستی هیندۆسەکان بەرامبەر بە مانگاکان و بە پیرۆز دانانیان کە بەربەست ئاسا وەستان بێ قبوڵکردنی شێوەی ڕۆشنبیری نوێی تایبەت بۆ باشتر ئیستغلالکردنی ئەم سامانە ئاژەڵیە کە لەتوانادایە ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە ئابووری هیندستان. (الاقداحي ، ٢٠١٠،ص٣٠٨_٣٠٩).

**-ئاستەنگە سیاسییەکان:**

پاشکۆبوونی سیاسی (التبعیة السیاسیة) : پاشکۆ بوون لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووییەوە سەری هەڵدا، کە تیایدا وڵاتانی جیهانی سێیەم بە جیهانی عەرەبیشەوە لەسەر بنەمای نایەکسانی و نەشارەزایی؛ پەیوەست بوون بە سیستەمی سەرمایەداری جیهانییەوە. یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە تێکچوونی ئیرادەی نیشتمانی وڵاتانی پاشکۆ بوو، هاوکات لەدەستدانی کۆنترۆڵی خۆیان بوو بەسەر مەرجەکانی خۆڕێکخستنەوە و نوێکردنەوەدا، لێرەوە توانای بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەتی چاکسازی لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە پەکی کەوت، ئەم زاڵبوونەش بەسەر پرۆسەی بڕیارداندا ڕەنگە هەژموونی تەواو یان هاوشێوەی تەواو بێت لەلایەن وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەتی بەسەر بڕیارە ستراتیژییەکاندا، ئەم هەژموونە کە بەسەر دەوڵەتە پاشکۆکاندا پەیڕەو دەکرێت، لەمیانەی میکانیزمی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئۆرگانی (ئامرازی) ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە، ئەنجام دەدرێت، سەرەڕای بوونی ژمارەیەک دامەزراوەی داراییش کە کاریگەری نێودەوڵەتییان هەیە، وەک بانک و سندوقە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورە جیهانییە قۆرخکارەکان، کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، وەک کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان (حیدر ، ٢٠١٤، ص٤٢٩).

**-بەربەستە کارگێڕییەکان:**

لە گرنگترین ئاستەنگ و بەربەستە کارگێڕییەکان کە ڕێگری لە گەشەپێدان دەکەن ئەمانەن:

آ-ئامرازە کارگێڕییە کاریگەرەکان: کە خۆبەخۆ دەبێتەهۆی ئاڵۆزی لە ڕێکار و ڕۆتینەکان، بەرەو خاوبوونەوەی لەڕادەبەدەر لە دەرکردنی بڕیارەکان و دژایەتی هەندێکیان لەگەڵ یەکتر، پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی دروشمە ڕاگەیەندراوەکان وەرگێڕانیان بۆ واقیعێکی بەرجەستە، هاوکات هەندێك جاریش دانانەنانی کەسی گونجاو لە شوێنێکی گونجاو، زاڵبوونی هۆکارە کەسییەکان لەسەر پەیوەندییە فەرمییەکانی کار و دەستکەوتەکانی، هەروەها نەبوونی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی لەگەڵ پابەندنەبوونی ئەخلاقی لە کاردا و، چاودێری و ئاراستەکردنی لاواز.

ب-پەرەنەدان بە یاسادانان: ڕەنگە یاسادانان و یاساکان ببنە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانکارییەکان، هەربۆیە دەبێت یاساکان بەپێی خزمەتی گەشەپێدان بگونجێندرێن.

ج-نەبوونی سەرکردەی کارگێڕی پێشکەوتوو کە بڕوایان بە گۆڕانکاری و ڕاوێژکردن هەبێت لە بڕیارەکانیان (فهمي وآخرون، ١٩٨٦، ص١٠٤_١٠٥). کەواتە بەربەستەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری دەرەکی و ناوخۆییەکان ، بەڵام فاکتەرە دەرەکییەکان بەستراونەتەوە بە سیستمی جیهانی و داگیرکاری کە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان چەندین شێوازی جۆراو جۆر بەکاردێنن بۆ قۆرخکاری و قۆستنەوەی دەرامەت و کەرەستەی خاوی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا ، بەڵام هەرچی بەربەستە ناوخۆییەکانە بەستراونەتەوە بە سروشتی دەوڵەتە دواکەوتووەکانەوە توانای ئەو دەوڵەتانە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و دووبارە پاشکۆبوونیان بە هەموو شێوە جیاوازەکانییەوە کە هەموو ئەمانە بەشداری دەکەن لە دواکەوتووی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا جگە لەوە ئەم کۆمەڵگایانە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی گەشەپێداندا زۆر لاوازە بەهۆی کێشەی نەخوێندەواری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و دەمارگیری خێڵ و .هتد هەموو ئەمانە دەبنە هۆی لاوازی بەشداریکردنی خەڵک لەو پرۆسەیەو دواتر دەبێتە بەربەست بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەمە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەستەبەر نابێت لەو وڵاتانەدا .

## ئەنجامەکان

-لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە بوونیادو وەزیفەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگاتە ئاستێکی باشتر لە بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانی .

-وە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا تووشی چەندین بەربەست بۆتەوە کە هۆکارە بۆ دواکەوتنی ئەو کۆمەڵگایانەو پاشکۆبوونیان لە هەموو ڕوویەکەوە (ئابووری، کۆمەڵایەتی ،ڕامیاری ...هتد ،ئەوانیش بەربەستی دەرەکی و ناوخۆیین کە ڕێگرن لە سەرکەوتنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

## لیستی سەرچاوەکان:


١- ابو نصر ،مدحت و محمد ، یاسمین مدحت ، ٢٠١٧، التنمية المستدامة (مفهومها،ابعادها،مؤشراتها)، المجموعة العربية للتدريب والنشر.

٢- بكار ,عبدالكريم ، ١٩٩٩ ،مدخل الى التنمية المتكاملة روؤية اسلامية،دار القلم ،الطبعة الاولى ،دمشق.

٣- بدران ،احمد جابر ،٢٠١٤، التنمية الاقتصادية والتنمية المستدامة،ط١ ،مركز الدراسات الفقهيةوالاقتصاد ، سلسلة كتب اقتصادية جامعية،القاهرة.

٤- التابعي ، كمال ، ١٩٩٥، تغريب العالم الثالث ،ط٢،دار النصر للتوزيع والنشر،القاهرة.

٥- ثابت ، ناصر ، ١٩٨٣، المراة والتنمية والتغيرات الاجتماعية المرافقة،دراسة اجتماعية ميدانية على عينة العاملات بدولة الامارات العربية المتحدة، الطبعة الاولى منشورات ذات سلاسل ..

٦- الجمل ،احمد محمد عبدالعظيم ، ٢٠٠٦، دور النظام الوقف الاسلامي في التنمية الاقتصادية المعاصرة، ط١، دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة، القاهرة .

٧- الجندي ، مصطفى ،١٩٨٧، الادارة المحلية واستراتيجياتها ،منشاة المعارف،مصر.

٨- الحسن ، احسان محمد ، ٢٠٠٥، علم الاجتماع الاقتصادي، ط١ ، دار وائل للنشر .

٩-الحسن ، احسان محمد، ١٩٩٩، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات ،ط١، لبنان .

١٠- حسن ، عبدالباسط محمد ، ٢٠٠٥، التنمية الاجتماعية ، مكتبة وهبة .

١١- خاطر ، احمد مصطفى ،٢٠٠٠، تنمية المجتمع المحلي (الاتجاهات المعاصرة-الاستراتيجيات- نماذج ممارسة)، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية .

١٢- حلمي ، على ، ١٩٧٣، دور الشباب في التنمية الاجتماعية والاقتصادية ،مكتبة الانجلو المصرية،القاهرة.

١٣- حنفي ، حسن، والعظم ،صادق جلال ، ٢٠٠٠، ما العولمة؟ سلسلة حوارات لقرن جديد،ط٢، دار الفكر،دمشق .

١٤- الخواجة ،محمد ياسر ، ٢٠١٦، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية،ط١، دار ومكتبة الاسراء،طنطا.

١٥- رحيل ، محمد فرج ، ٢٠٠٣، توظيف المعلومات في خدمة التنمية، اعداد: ابوبكر محمود الهوش،اكاديمية الدراسات العليا، طرابلس .

١٦- رشوان ،حسين عبدالحميد احمد ، ٢٠٠٩، التنمية (اجتماعيا،ثقافيا،اقتصاديا، سياسيا، اداريا، بشريا) ، مؤسسة شباب الجامعية، الاسكندرية .

١٧- الزين ، صالح على و زهري زينب محمد ، ١٩٩٦، قضايا في علم الاجتماع والانثروبولوجيا ،اطر نظرية واسس منهجية وتطبيقية،ط١،دار الكتب الوطنية،بنغازي .

١٨- السروجي ،طلعت مصطفى واخرون ،٢٠٠١، التنمية الاجتماعية المثال والواقع،مركز نشر وتوزيع الكتاب الجامعي، جامعة حلوان .

١٩- سليمان ، عدلي و هاشم عبدالمنعم ، ١٩٧٣، الجماعات بين التنشئة والتنمية، مكتبة القاهرة الحديثة، القاهرة .

٢٠- شكارة ،عادل عبدالحسين ، ١٩٧٥، نظرية هوبهاوس في تنمية الاجتماعية وتطبيقاتها على سياسة تنمية المجتمع العشائري في العراق،مطبعة دار السلام،بغداد .

٢١- شلبي ، ثروت محمد ، ١٩٩٩ ، تنمية اجتماعية برنامج داسة المجتمع،كلية الاداب،جامعة بنها،المستوى الاول –فصل دراسي الثاني .
٢٢- الصالح ، مصلح ، ٢٠٠٢، التغير الاجتماعي وظاهرة الجريمة: دراسات في علم الاجتماع الجنائي ، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع ،الاردن .
٢٣- صبيح ،ماجد حسني و ابو حلو، مسلم فايز ، ٢٠١٠ ، مدخل الى تخطيط والتنمية الاجتماعية ،ط١ ، ،الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات ،القاهرة .
٢٤- طيبي ، محمد شفيق واخرون ، ١٩٩٠، ابعاد التنمية في الوطن العربي، ط٢،دار المستقبل للنشر والتوزيع عمان .
٢٥- العيسوي , عبدالرحمن محمد ، ١٩٨٤، علم النفس والتنمية الشمولية، الدار الجامعية ،الاسكندرية.
٢٦- العيسى ،جهينة سلطان واخرون، ١٩٩٩، علم اجتماع التنمية ، مطبعة الاهالي .
٢٧- عبدالهادي ، نبيل ، ٢٠٠٧، علم الاجتماع التربوي،الطبعة العربية، دار اليازوري العلمية للنشر،عمان .
٢٨- عثمان ، ابراهيم ، ١٩٩٩، مقدمة في علم الاجتماع ،الطبعة العربية الاولى،دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان .
٢٩- عجمية ،محمد عبد العزيز واخرون ، ١٩٨٣، مقدمة في التنمية والتخطيط،دار النهضة العربية، بيروت
٣٠- عمر، معن خليل، ٢٠٠٥، علم المشكلات الاجتماعية، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان .
٣١- عيسى، ايهاب و عامر ، طارق ،٢٠٢٠، التنمية البشرية والتنمية المستدامة، ط١،دار الرنيم للنشر والتوزيع ،عمان .
٣٢- الغرابية، فيصل محمود، ٢٠١٠، ابعاد التنمية الاجتماعية في ضوء التجربة الاردنية، دار يافا العلمية للنشر والتوزيع ، الاردن.
٣٣- فهمي ، سامية محمد واخرون ، ١٩٨٦ مدخل في التنمية الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.
٣٤- فيصل ،غازي ، ١٩٩٣، التنمية السياسية في بلدان العالم الثالث ، مديرية دار الكتب للطباعة ،بغداد .
٣٥- الاقداحي ،هشام محمود، ٢٠١٠، مشكلات التنمية والتخطيط فى التجمعات الجديدة والمستحدثة، مؤسسةشباب الجامعة ، اسكندرية .
٣٦- محمد، سميرة كامل ، (بدون سنة الطبع ) ، التنمية الاجتماعية (مفهومات اساسية-رؤية واقعية)المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندرية.
٣٧- محمد ، سميرة كامل ، (بدون سنة الطبع ) ، التخطيط الاجتماعي، المكتب الجامعي الحديث،الاسكندرية،مصر .
٣٨- محمد ، كوزين ، ٢٠١٧، معالجة قضايا التنمية في قنوات التلفزيون،دار الرنيم للنشر والتوزيع، عمان .
٣٩- محيى الدين ، عمرو، التخلف والتنمية، دار النهضة العربية للطباعةوالنشر، بيروت،بدون سنة الطبع.
٤٠- مصطفى ، فاروق احمد ، ٢٠١١، التنمية المستدامة والسياحة،دراسة انثروبولوجية،دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع .
٤١- مصطفى ،محمد كمال ، ٢٠١٦، الطريق الى التنمية الفاعلة ،مؤسسة فريدريش ايبرت،مكتب مصر،القاهرة .
٤٢- معجم الوسيط ، ٢٠٠٤، الطبعة الرابعة،مكتبة الشروق الدولية،مصر .
٤٣- حيدر ، رمضان عبدالسلام ، ٢٠١٤، التنمية السياسية فى الدول النامية بين التخلف والتبعية ، مجلة الجامعة الاسمرية ، المجلد الثانى والعشرون، العدد ٢٢.
٤٤- العمرى ،عيسات ، ٢٠١٦، معوقات التنمية الاجتماعية بالمجتمع المحلي ورهانات الفعل التنموي،مجلة تنميةالموارد البشرية ،المجلد ٧،العدد الثاني .
٤٥- عبدالمطلب بيصار و حسين الامين شريط، ٢٠١٨، التنمية المحلية في اطار التجارب الدولية والخبرات الميدانية،مجلة العلوم الادارية والمالية،المجلد ٢، العدد ٢ .
٤٦- بن كادى ، حسن ، ٢٠٠٨، التنمية السياسية في اوطن العربي وافاقها، دراسة تحليلية نقدية في شروطها الموضوعية ومعوقاتها الاساسية ، رسالة ماجستير منشورة،مقدمة الى كلية الحقوق والعلوم السياسة ،قسم العلوم السياسية والعلاقات الدولية، جامعة الحاج لخضر.
٤٧- بودانة ، كمال ، ٢٠١٤، اثر الرقابة الادارية على التنمية المحلية ، رسالة ماجستير ،مقدمة الى كلية العلوم الانسانية ،قسم العلوم الاجتماعية، جامعة محمد خيضر-بسكرة .
٤٨- الخفاجي ، وليد عبدجبر ،٢٠٠٧، التنمية البشرية في العراق لمدة من عام(٢٠٠٣- ٢٠٠٥) ، دراسة ميدانية في مدينة بغداد ،رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، قسم الاجتماع .
٤٩- الدليمي، علي حمادي عودة ، ٢٠١٠، التنمية الاجتماعية في المجتمع المحلي (قضاء الطارمية انموذجا)، رسالة ماجستير، غير منشورة ، مقدمة الى كلية الاداب ، قسم علم لاجتماع، جامعة الموصل، الموصل.
٥٠- السبعاوي ، هناء جاسم محمد ، ٢٠٠٣، العوامل الاجتماعية المؤثرة في التنمية، دراسة اجتماعية ميدانية لقرية الشمسيات في محافظة نينوى، رسالة ماجستير غير منشورة،مقدمة الى كلية الاداب ،قسم الاجتماع، جامعة الموصل، العراق .
٥١- السعيد ، فكرون ، ٢٠٠٥، استراتيجية التصنيع والتنمية بالمجتمعات النامية حالة الجزائر، دراسة نظرية،اظروحة دكتوراه منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية، قسم علم الاجتماع والديمغرافيا،جامعة منتوري-قسنطينة .
٥٢- السعيد ، لكحل ، ٢٠١٠، دور التخطيط الاجتماعي في تنمية المجتمعات المحلية ،رسالة ماجستير مقدمى الى كلية العلوم الاجتماعية والعلوم الانسانية، جامعة منتوري-قسنطينة،الجزائر.
٥٣- صباح ،غربي ،٢٠١٤، دور التعليم العالي في تنمية المجتمع المحلي، دراسة تحليلية لاتجاهات القيادات الادارية في جامعة محمد خيضر-بسكرة،اطروحة دكتوراه منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،قسم العلوم الاجتماعية، جامعة محمد خيضر،بسكرة .
٥٤- عبدالكريم ، خواجة ، ٢٠١٢، اشكالية التنمية في الجزائر،بعد استقلال المفكر عبدالله شريط نموذجا،رسالة ماجستير منشورة،مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية،قسم الاجتماع،جامعة وهران ،الجزائر.
٥٥- عبدالرحمن ، العايب ، ٢٠١١، التحكم في الاداء الشامل للمؤسسة الاقتصادية في الجزائر في ظل تحديات التنمية المستدامة ،اطروحة دكتوراه منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير،قسم العلوم الاقتصادية ، جامعة فرحان عباس-سطيف،الجزائر .
٥٦- لبنى ، سويقات ، ٢٠١٠، الاعلام المحلي وابعاده التنموية في المجتمع ،دراسة وصفية تحليلية للخطاب الاعلامي اذاعة ورقلة الجهوية نموذجا،رسالة ماجستير منشورة،مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية والانسانية،قسم علوم الاعلام والاتصال، جامعة وهران، الجزائر.
٥٧- المور ، مها كريم ، ٢٠٠٩، تنمية المجتمع المحلي في البادية الاردنية ،دراسة ميدانية في البادية الوسطى،اطروحة دكتوراه منشورة، مقدمة الى كلية الدراسات العليا ، قسم علم الاجتماع، الجامعة الاردنية.
٥٨- مجاهد ،هدى ، ١٩٧٤، اسس تقويم الاسلوب التكاملي في التنمية الاجتماعية الريفية،مقالة في مجلة الاجتماعية القومية ، ،المركز القومي للبحوث الاجتماعية والجنائية، المجلد الحادي عشر، العدد الثالث ، جمهورية مصر العربية.

٥٩- معلم، جميلة،٢٠١٧، تجارب التنمية فى الدول المغاربية والاستراتيجيات البديلة،دراسة مقارنة بين الجزائر والمغرب،اطروحة دكتوراه ،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية و علوم التسيير، جامعة باتنة،الجزائر

٦٠- يحياوي، نجاة، ٢٠٠٤، معوقات التنمية الاجتماعية في المجتمع المحلي،دراسة ميدانية في بلدية عين الناقة-بسكرة، رسالة ماجستير ،مقدمةالى كلية الاداب والعلوم الاجتماعية والانسانية،قسم علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر-بسكرة .

٦١-حميدوش ، على ، التنمية الاقتصادية والاجتماعية مع الاشارة الى التجربة الجزائرية، جامعة المدية ،على موقع الانترنت www.tracker-software.com

٦٢- فاروق،كويحل ، واحمد ،درديش، التنمية المحليةبين المعيقات الاجتماعية والمعيقات السوسيوثقافية، ملخص البحث ، ص ٩، منشورة من شبكةالانترنيت www.univ-chlef.dz

٦٣- فاضل ، على عباس، أثر العولمةعلى البطالة فى البلدان النامية مع اشارة للعراق ، وزارة المالية ، الدائرة الاقتصادية، ٢٠١٠، ص١٨ ،على موقع الانترنيت www.mof.gov.iq

٦٤- مفهوم التنمية الاجتماعية ،كتاب سطور،،مقالات اكاديمية ، ٢٠١٩، على موقع الانترنت www.sotor.com

٦٥- عارف ، نصر محمد ، مفهوم التنمية ،العلوم السياسية، جامعة القاهرة، على موقع الانترنت www.islamonline.net .

٦٦- نوير، عبدالسلام ، نظريات التنمية واسباب التازم ،دراسة نقدية ، التفاهم، على موقع الانترنت www.tafahom.mara.gov.om